## بۆئەوانەی میکرۆبی دوژمنانی نەتەوەیەک لەخوێن یاندایە ... جەمال فتاح

پێم وتن و پێتان ئەڵێم ئێوە بەکتریایەکی بێنرخن لەخانەی پڕمیکرۆبی دوژمنانی نەتەوەی کوردەوە پەنتێنراون، ئێوە لەباتی جاش و سیخوڕ و گومان لێکراونی ڕابردووی کورد دەور ئەبینن ئەوان بەچەک و ئێوە بەقەڵەمی کول و ژەنگاوی، ئێوە سێبەری دێوەزمەی شەڕی براکوژین ئەتانەوێت برینەکانی کورد هەدا نەدا، ئێوە کتکەکوێری ترسە نۆک و بەزیون دەرونتان تەنها بە ئاگری قینی دوژمنانی نەتەوەکەمان ڕوناک ئەبێتەوە، ئێوە شەمشەمەکوێرەی تاریکین چاوتان بەڕۆژی ڕووناکی کوردستان هەڵنایەت، ئێوە بەعسی ئاسا بووکە شوشەی دەستی منداڵە چاو گەشەکانی کورد ئەشکێنن، ئێوە نەبوو وە مهتووکن هێندە وردو کورتە باڵان لەئاستی پێشمەرگەیەکی کوردستان بەمیکرۆسکۆب یش نابینرێن کەچی بەگژی کێوی خەبات و تێکۆشانی سەرکردەکانی کورد دا ئەچن بەڵکو خەونی گڵاوی دوژمنانی کورد بێتەدی، ئێوە ژەهری دەمی دوژمنانی کەلەکەمانن ئەڕژێن بەسەر پیرۆزیەکانی کورد دا، ئێوە موشەدەمە وهەمبانەی کورەی داگیرکەری کوردن باوەشێنی پشکۆی ژیڵەمۆ گرتووی براکوژی ئەکەن، پێم وتن و ئامۆژگاریم کردن و سەرنجم ڕاکێشان کە ڕەخنە ڕەخنەیەو شێوازی پیرۆز ڕەهاو ڕەوای خۆی هەیە و سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکانی کوردو شۆڕش و پێشمەرگەقارەمانەکانی کوردستان و سەرکردەکانی کورد هاڵماوی بۆگەنی دەمی دوژمنانی نەتەوە کەمانن و بە دەمی ئێوەیان سپاردووە، پێم ناڵێن ئێوە کێن و چین تاکودوژمنایەتی ڕای 100%خەڵکی کوردستان بکەن، ئێوە کام پارتی خەبات گێڕی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردن یان کام کەڵە نوسەری خەبات گێرو دیارو بەهەڵوێستی کوردن تاکو ڕێگا بەخۆتان بدەن سوکایەتی بەهەموو پیرۆزیە کانی کورد بکەن؟؟؟، ئێوە دەرون نەخۆشێکن ئەڵێن ئەگەر کوردستان بۆ ئێمە نەبێت بابسوتێت بۆیە وا بەوجۆرە دژی هەمو شۆڕش و پێشمەرگە و گشت پیرۆزیەکانی کوردو هەموو ئەوانە کە سەر بەستیان بەدیاری بۆکورد پێبوو ڕاوەستاون، پێم ناڵێن ئێوە لەڕابردوو دا چی وەزنێکتان هەبووە بەرانبەر دوژمنانی نەتەوەی کورد؟؟ یان چی خێرێکتان بۆکورد هەبووە وا بەم جۆرە بوونەتە دەست ئاگرسێنی دەستی دوژنان و ئەتانەوێت بەخیاڵ ئاگر بەماڵی کوردەوە بنێن؟؟، ئەی پێم ناڵێن پرۆژەو برنامەی ئایندەتان چیە؟؟ بۆخێری کورد ئاوابەم جۆرە سوکایەتی بە پیرۆزیە کانی کورد ئەکەن؟؟یان ئەتانەوێت خێری نانێکتان بۆکورد نەبووبێت بەڵکو دژی پیرۆزیەکانیشی بن بەڵام کورد لە زێڕتان بگرێت و شاباشتان بکات، من گشت ڕۆشنبیرانی کورد ئەکەم بە داد وەر لەسەر تان کەسانێک وەک ئێوە کە هەمووئەم دەستەواژانەی سەرەوەتان بەسەردا ئەچەسپێت ئیتر شانازی ئێوە چیە؟؟ لەسەر کورد تاکو دوژمنایەتی هەمووپیرۆزیەکانی کورد بکەن و درۆدەلوسەی هەڵبەستراو دژی شۆڕشگێڕەکانی کوردو سەرکردەکانی کورد بنوسن .

من تحدای هەموو ئەوانە ئەکەم کە باسی سەرۆک مستەفابارزانی مەزن و هەرگیزنەمر ئەکەن لەکوردستان پۆستدا هەر یەکێک لەوان بە خۆیان و حەوت پشتیانەوە هەزار یەکێکی مستەفا بارزانی بۆ کورد ماندوو بووبن هەزار یەکێکی مستەفا بارزانی بۆکورد دڵسۆز بووبن هەزار یەکێکی مستەفا بارزانی بۆکورد خێریان هەبووبێت هەزار یەکی مستەفا بارزانی دوژمن بەزێن بووبن قەیناکات ڕێگا بەخۆتان بدەن بێنەسەر نووسین و هەڵسەنگاندن لەسەر خەبات و تێکۆ شانی مستەفا بارزانی بەڵام ئێوەی دەرون نەخۆش و دەرەون پڕ لەمیکرۆبی دوژمنانی نەتەوەی کورد بەچی مافێک ڕێگا بەخۆتان ئەدەن؟؟؟ سوکایەتی بەکەسیەتی سەرۆک مستەفابارزانی نەمر بکەن، مستەفا بارزانی نەمر 50 ساڵی ڕەبەق پێشمەرگەبوو پەنجا ساڵ بەشاهیدی هەموو شۆڕشگێڕانی ڕاستە قینەی کورد بەشاهیدی مێژوی بەهەق وڕاستەقینە نوسراوی کورد نانی وشکی ئەخوارد وەک هەر پێشمەرگەیەک لەکاتی پەلامارو تەنگانە لەپێشی هەمووپێشمەرگەیەک سەنگەری لەدوژمنان ئەگرت تاکە سەرکردەی جەربەزەی کوردە کەسەرکردایەتی سەدان شەڕو جەبهەی کردووە و بەدەستی خۆی لەپێشی پێشمەرگەوە جەنگاوەو

بەرسینگی دوژمنانی کوردی گرتووە و هەردەم دوژمنانی کورد لەبەر پێیدا دیل و زەلیل بوون بۆیە بووەتە سونبولی پیرۆزی نەتەوەکەمان، ئەی ئێوەی پاتاڵ چیتان بۆکورد کردووە؟؟، جارێکیکە تحداتان ئەکەم ئێوە چیتان بۆکورد کردووە هەریەکەو بەجیا بیخەنە سەر پەڕە کازێک و لەکوردستان پۆستدا بە بەڵگەوە بڵاوی بکەنەوە تاکومن و گشت خوێنەران ئیوە بەخاوەنی ماف بزانین، وە ئەگەر هیچتان بۆکورد پێنەبووە و نەک بەرگریشتان لەکوردو مافەکانی نەکردووە بەڵکو هەمیشە لەکاتی تەنگانەی کورد دا دەستان بەکلاوەشری خۆتانەوە گرتووە بانەییات یان وەک نەعامە سەرتان لەبن خاک ناوە تاکو ڕۆژەڕەش و نەهامەتییە کانی کورد نەبینن ونەبیستن ئێستا ئەم تەپو تۆز و فشەو فاڵەتان لەچی؟؟پێتان ئەڵێم نان و ئاو و هەوا وشیری بەری دایکە کوردیشتان پێحەرامە ئێوە چونکە دژو پێچەوانەی بەر ژەوەندیەکانی کورد ئەجوڵێنەوە .

لەوانەیە ئەم سایتانە بەشێکی کەمی کورد بیخوێننەوە لەبەر ئەوەی بەشێکی کەمی کورد کومپیۆتەری هەیە بۆیە من پێشنیار ئەکەم بامنازەرەیەکی تەلەفزیۆنی ئەنجام بدەین من بەتەنهاو ئێوەش خۆتان وئەوکەسانەش کەوەک ئێوە لەژیان و خەبات و کوردایەتی گەیشتوون هەموو ڕەسەنایەتیەکانی خۆتان بخەنە بەر چاو لەڕابووردوودا چیتان بۆکورد کردووە و لەئایندەشدا چیتان بۆکورد پێیە پیشانی گشت بینەرانی کوردی بدەن منیش بەبەڵگەوە هەڵەو تاوانە کانتان بەبەر چاوی هەمووکوردەوە ئەچەقێنمە چاوتان، .

یان لەگۆشەی سوک و هەرزانی بەناو گۆڵمەزدا ئەوەزیاتر لەچوار مانگە ناوی پیرۆزی شەهید فەرەنسۆ حەریری لەسەر سایتی کوردستان پۆست دا درۆ و بوختانی بۆهەڵ ئەبەستن و سوکایەتی پێئەکەن من لێرە دا نەک رووناک بیران بەتەنها بەڵکو جگە لەقەڵەمی تۆپیو قەڵەمە مردووە کانیش ئەکەم بەداد وەر شەهید فەرەنسۆ حەریری بەئاین مەسیحی بوو بەنەتەوەش کلدانی بوو ئەم مەسیحیە کلدانیە 40 چل ساڵی ڕەبەق وەکو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر پێشمەر گەبوو بۆکوردستان بۆئەو کوردستانەی کە کەسی وەک ئەم فسفس پاڵەوانانەی لێ هەڵکەو تووە کەدژی پیرۆزیە کانی شەهید و پێرۆزیەکانی سەرکردە و پیرۆزیە کانی شۆڕش و پیرۆزیەکانی کورد درۆ و بوختان ئەنووسن فەرەنسۆ حەریری مامۆستاو کادرو پێشمەرگەی ماندوو نەناسی کورد ئایا شایەنی ئەوەیە کە کورد پەیکەری زێڕینی بۆ بکات؟؟ یان قەلە ڕەشکەی وەک ئەمانە وتەی سوک و هەرزانی بۆهەڵبەستن؟؟، ئایا کورد گەلێکی هیندە بیوەفایە؟؟ پاداشتی چل ساڵ خەبات و پێشمەرگایەتی فەرەنسۆ حەریری بۆ کورد بە وتەی سوک هەرزان و بازاڕی و هەڵبەستراو بداتەوە؟؟ یان ئەمانە دوورن لە نەریەت و کەلتور و ڕەوشتی بەرزی کورد و پیرۆزیە کانی؛ فەرەنسۆ سەرەڕای کورد نەبوونی خۆی بۆکورد ژیا بۆکورد خوێندی بۆکورد خەباتی کرد بۆکورد شەهید بوو، هەمووتەمنی لاوی و پیری خۆی پێشکەشی کورد و کێشە ڕەواکەی کرد مرۆڤی وەک فەرەنسۆ ئەبێت کورد شانازی پێوە بکات؟؟ یان کورد ئەوەندە بێوەفاو ناکەس بێت بەوتەی سوک و هەرزان سوکایەتی پێبکات؟؟ بارۆشنبیرانی ڕاستە قینەی کورد خۆیان داد وەر بن و قەزاوەت بکەن ن4هک، من بەتەنها .

خاڵی کۆتایی جارێکی کە بە ئازاد بێباک ئەڵێمەوە لە بێخەبەران کەشکەک سڵاوت، ئەم برادەرانە لەکاتی وەڵامدانەوەدا خۆیان لەزۆر ڕەخنەو سەرنجی من ئەبوێرن و خۆیان لەگێلی ئەدەن من پێیان ئەڵێم ئێوە بەرنبەر بەسەرکردەقارەمانە کانی کورد ئەڕشێنەوە کەچی باسی ئەو ڕشانەوەی خۆیان ناکەن ئەچن بەهندێک شتی لاوەکیەوە خۆیان خەریک ئەکەن لەباتی وەڵامی ئەوەم پێم بڵێن ئێمە لەسەر ئەو ڕاستیانە باسی سەرۆک مستەفا بارزانی و کاک مسعود و مام جەلال ئەکەین کەچی لەڕشانەوەیەکی تردا ئازاد باکدار باس لەوەئەکات کەجمال لە کەرەج بووە یان لەئۆردووگا پاڵی لێداوە تەوە، یان بوایە کوردێکی دڵسۆز بۆی نووسیوە جمال لەپاتی دەرکراوە ئەیەوێت وەری بگرنەوە، یان بۆشەڕی ئێران و عێراق نەچوم وتومە من پارتی نیم، یان ئەم برادەرە بەلەرزۆکی وای پیشان ئەدات کە من خۆم هەڵکێشاوەو پێشمەرگە نەبووم و هتد.. من بەشاهیدی هەموو پێشمەرگەی ماندو نەناسی شاخ لە پارتی و یەکێتی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییە کانی ساڵی 1976م تاکو ساڵی 2000 کە کوردستانم بەجێ هێشتووە ئەمە جگە لەشەش ساڵی ڕەبەق خەبات وپێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلولی

مەزن، بۆئەمەش جگە لە هەموو کادرو پێشمەرگەو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە یەکێتی نیشمانی کوردستان کاک ملازم عومەر و کاک سالار عەزیزو کاک مەلابەختیار و کاک حامد حاجی خالد و کاک محمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆشیالستی دیموکراتی کوردستان و کاک محەمەد حاجی سابیر قاینەجە و کاک مارف دەرەمیانەیی ناسراو بەئازاد ئەمانە کەئێستا لەژیاندا ماون وە دەیان سەرکردەوپێشمرگەی قارەمانی ترکەناویان لەم بوارە کورتەدا جێگای نابێتەوە، وە دوو جار لەشاخ بریندار بووم وە بەرپرسی ناوچە کانی شارە زور و پێنجوێن و سلێمانی وقەرە داخ و قەڵادزە و دووکان بووم سەرەڕای ئەندام و کارگێڕی لق، هەموو ناوچەکانی شارە زورو هەو رامان و شاربازێڕو شلێر و قەرەداخ و ناوشاری سلێمانی وسیوەیل وبەرکێو ودۆڵی جافەتی و قەندیل وسورێن و بەمۆو زمناکۆ و کوڕەکاژاو بادینان و سەرانسەری کوردستان شاهیدی پێشمەرگایەتی و لەخۆبردووی من و ئەو هەزاران پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی و لایەنە کانی ترن بۆکورد، ئیتر تۆی فسفس پاڵە وان وگشت کوێخاکانت کەخەریکی درۆ و بوختان دروست کردنن بۆکوردو پێشمەرگە و کەسایەتیە شۆڕشگێڕە کانی کورد خۆتان هەڵکێشاوە و فوتان کردووە تە خۆتان یان من؟؟، پاشان درۆ بەدەم خڵکی پارتیەوە دەکەیت وەک هەموو درۆ و بوختانەکانی ترت گوایە ئێمێڵیان بۆناردوویت من لەپارتی دەرکراوم من لەپارتی دەرنەکراوم بەڵکو من پارتیم بەجێ هێشتووەو هاتوم بۆ ئەوروپا بۆعیلاج بەپرسی سەر کردایەتی پارتی نەک پارتی منی دەر کردبێت بۆیە من ئەو جمال فتاحەم کەلەسەرەوە پیشانم داویت بوختانیش بەدەم خەڵکەوە مەکە، باشترە سنووری خۆتان بپارێزن، لەلایەکی کە من بەهەموو تەنم تەنها سێ کات ژمێر شاری کەرەجم دیوە ئەوانەش کەدانیشتوی کەرەج بووبن ئەزانن کەمن لەکەرەج ژیاوم یان جەنابت وەک هەمیشە بوختان ئەکەیت لەکەرەج بوونیش هیچ شەرمێکی تێدانیە تەنها من درۆ کانی جەنابتان سپی ئەکەمەوە ئۆردوگای کوردەکانی ئێرانیشم ساڵی 1988 بینی لەدوای کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان کە لەگەل لیژنەیەک چووینەسەردانیان و نەدووەم بۆکردون، لەئۆردووگا بوونیش شەرم نیە چوونکا بەدەستی ڕژێمی ستەم کاری بەعسەوە هەموودڵسۆزانی کورد ئاوارەو دەر بەدەر بوون وەک جەنابتان بۆمان نەلوا لەناو شارە حەیاتە کەدا دانیشین؟؟!! جارێکی کەفێر ببە هەردرۆ و بووختان ئەکەیت بۆکەسێکی بکە کەکەس نەیناسێت بۆئەوەی درۆکانتان سپی نەبێتەوە، سنوور بەزاندن و هەر نەزانینێکیش وەڵام و سزای خۆی هەیە، هەر وەک مامۆستا کاردۆخی شاعیر ئەفەرموێت، سزای هەر سەربڕینە موو لەحەدی خۆی کەتێپەڕکا = هەقی پاچینە دارێک بۆنەمامێ تر کە سێبەرکا، یان ئەفەرموێت، کەسێک هاتوو تەجاوزکا، نەزانێت حەدی خۆی کامە = هەزارجار گەورەبێ ئەمجابزانە شێتە کەم فامە، .

جمال فتاح
2005/6/9